ژمارە: ٢٠٨٠ NO:

ڕێکەوت: ٢/ ٢ / ٢٠١٦ ی زاینی Date : / /

١٤/ ١١/ ٢٧١٥ی کوردی

## ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦
## بە وەرگرتنی ڕسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان

لە ڕوانگەی حوکمەکانی هەر دوو یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان و یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بڕیاردرا :-

بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایە سەبارەت بە وەرگرتنی ڕسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەکەم**: تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێم مافی بەخشینی مۆڵەتی هەیە بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بە پێ ی مادده (٢٨) لە یاسای زانکۆی تایبەتەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣).

**دووەم**: پاڵپشت بەماددەکانی (٢, ٣,٤, ٥٠) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) و، ماددەی (٣٣)ی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)، دەبێت ساڵانە ئەم مۆڵەتە نوێبکرێتەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیەوە، ئەگەر ئەم زانکۆ یان پەیمانگەیە پێشێلی هیچ ڕێنماییەکی نەکردبوو لە ڕووی کارگێڕی و دڵنیای جۆرییەوە، ساڵانە بڕی (١٢.٠٠٠.٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار دەدرێت بە وەزارەت بەرامبەر نوێکردنەوەی ئەم مۆڵەتە.

**سێیەم**: وەرگرتنی ڕسومات دەبێت بە نەختینە بدرێت بە وەزارەت و دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەت بە پێی حوکمەکانی مادده (٦) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، پاڵپشت بە ماددەی (٣٣) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان.

**چوارەم**/ لە بەرامبەر بەخشینی مۆڵەت بۆ کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگە ئەم رسوماتانەی خوارەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت و، دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە پێی ماددەی/ شەشەم/ یەکەم-٢ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژنەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨).

ژمارە: ٢٠٨٠ | NO:

ڕێكەوت: ٢/ ٢ / ٢٠١٦ ی زاینی | Date : / /

١٤/ ١١/ ٢٧١٥ی كوردی

١. بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار لە كاتی پێشكەشكردنی لەسەر پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی زانكۆی تایبەت یاخود پەیمانگەی تایبەت، ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵەكە بدرێت یاخود نەدرێت.
٢. بڕی (٢٥٠٠٠٠٠٠٠) دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی زانكۆی تایبەت.
٣. بڕی (٥٠.٠٠٠.٠٠٠) پەنجا ملیۆن دوای ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی پەیمانگەی تایبەت.
٤. بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار لە كاتی پێشكەشكردنی پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی هەر لقێكی تری زانكۆی تایبەت ، ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵەكە بدرێت یاخود نەدرێت.
٥. بڕی (١٥٠٠٠٠٠٠٠)سەدو پەنجا ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی هەر لقێكی تری زانكۆی تایبەت.
٦. بڕی (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار لە كاتی پێشكەشكردنی پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی هەر لقێكی تری پەیمانگەی تایبەت ، ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵەكە بدرێت یاخود نەدرێت.
٧. بڕی (٣٥٠٠٠٠٠٠) سی و پێنج ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی هەر لقێكی تری پەیمانگەی تایبەت.
٨. بڕی (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن دینار لە كاتی گۆڕینی هەر لقێكی زانكۆی تایبەت بۆ زانكۆی تایبەتی سەربەخۆ.
٩. بڕی (١٥،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار لە كاتی گۆڕینی هەر لقێكی پەیمانگەی تایبەت بۆ پەیمانگەی تایبەتی سەربەخۆ.

**پێنجەم**/ لە بەرامبەر بەخشینی مۆڵەت بۆ كردنەوەی كۆلێژ یاخود بەشی ئەكادیمی لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان ئەم ڕسوماتانەی خوارەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت و، دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی ماددەی/ شەشەم/ یەكەم ٢ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨).

١. بڕی (٨.٠٠٠.٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار لە كاتی پێشكەش كردنی پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی كۆلێژ یان سێنتەری زمان یاخود یەكخستنی چەند بەشێك لە كۆلێژ یان زانكۆی تایبەت و، ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆڵەكە بدرێت یاخود نەدرێت.
٢. بڕی (٢٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵی كردنەوەی كۆلێژ یان سێنتەری زمان یان یەكخستنی چەند بەشێك لە كۆلێژ یاخود زانكۆی تایبەت.

ژمارە: ٢٠٨٠ NO:

ڕێکەوت: ٢/٢/ ٢٠١٦ ی زاینی Date : / /

١٤/ ١١/ ٢٧١٥ی کوردی

٣. بڕی (٢.٠٠٠.٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لە کاتی پێشکەش کردنی پڕۆپۆزەڵی کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یاخود پەیمانگەی تایبەت و، ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێندرێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵەکە بدرێت یاخود نەدرێت.

٤. بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار دوای ڕەزامەندی لەسەر پڕۆپۆزەڵی کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت، یان پەیمانگەی تایبەت.

**شەشەم/** لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە ڕسومات لە داهاتی گشتی ساڵانەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت و، دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی ماددەی/شەشەم/ یەکەم ٢ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بڕی (٣%)ی داهاتی گشتی ساڵانەی کرێی خوێندن کە لە خوێندکار و قوتابیان وەریدەگرن و، ئەم ڕسوماتە ساڵانە بە دوو قیست وەردەگیرێت و، لە کۆتایی هەر کۆرسێکی خوێندن قیستێک وەردەگیرێت.

٢. بڕی (٣%)ی کۆی داهاتەکانی تر جگە لە کرێی خوێندن و، ئەم ڕسوماتە بە یەک قیست لە کۆتایی ساڵی خوێندن وەردەگیرێت.

٣. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە بە فەرمانی وەزاری لە کرێی خوێندن بەخشراون، ئەوا وەرگرتنی ڕسوماتی لەسەر جێبەجێ ناکرێت.

**حەوتەم/** بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار وەک ڕسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردرگیرێت، بەرامبەر ووردبینیکردنی فۆرم و دۆکۆمێنتەکانی وەرگرتن بۆ هەر قۆتابی/ خوێندکارێک.

**هەشتەم/** لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژنەوەی زانستی ڕسومات لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت بەرامبەر پەسندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەکانیان و پێدانی پشتگیری دەرچون بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بڕی (٦٠.٠٠٠) شەست هەزار دینار لە خاوەن بڕوانامە وەردەگیرێت لە بەرامبەر پەسندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسراو (شهادە جداریە).

ژمارە: ٢٠٨٠ NO:

ڕێکەوت: ٢/ ٢ / ٢٠١٦ ی زاینی Date : / /

١٤/ ١١/ ٢٧١٥ی کوردی

٢. بڕی (٦٠.٠٠٠) شەست هەزار دینار لە خاوەن بڕوانامە وەردەگیرێت بەرامبەر پەسندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێک (کوردی – عەرەبی- ئینگلیزی).

٣. بڕی (٣٠.٠٠٠) سی هەزار دینار لە خاوەن بڕوانامە وەردەگیرێت بەرامبەر پێدانی پشتگیری دەرچوون.

**نۆیەم/** ئەگەر کۆلێژی زانکۆی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە ئەوا لە ڕوانگەی رسوماتەوە وەک زانکۆی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**دەیەم/** ئەم ڕێنماییە لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) جێبەجێ دەکرێت.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

<u>**وێنەیەک بۆ:-**</u>

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
- وەزارەتی داد / رۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بلاوکردنەوەی/ لەگەڵ ریزدا.
- بەرێزان راوێژکارانی جەنابی وەزیر٢/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
- گشت زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین /لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت / بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ رێزدا
- بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە.